www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-11-2007 22:57

"ئاوا دەبێ ڕۆڵی سەرکردە" ... شاهێدیەک بۆ مێژوو ... عزیزمنسوربەگ

بە بروسکەیەکی سەرۆك بارزانیی نەمر (250) شۆڕشگێڕ
لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکوك لە ئیعدام ڕزگاریان بوو!!
بەشی یەکەم

نووسینی عزیزمنسوربەگ، دانمارك

"چۆنێتی ئاشکرابوونی لێژنە ی ناوچە ی کەرکوك لە ساڵی 1965 وە ڕۆڵی قارەمانانەی سەرۆك بارزانیی نەمر لە ڕزگار کردنیان لە ئیعدام"

لە ساڵی 1965 مەفرەزەیەك لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی دەشتی هەولێری قەڵاو منارەی دوژمن بەزێن بەسەرۆکایەتی عەریف عەلی ناسراو بە عەریف عەلی ڕەقەم یەك کە پێك هاتبوو لە 12 پێشمەرگەی قارەمان بۆ چالاکیی سەربازی هاتبوونە دە وروبە ری شاری کەرکوك. ئە وە بوو سیخوڕە ئەڵقە لە گوێ کانی ئەو سەردەمە هەروەکو پیشەی چەند جارەیان بە زووترین کات ئاگاداری ئیستخباراتی فیرقەی 2 ی کەرکوکیان کردەوە بۆ ئەوەی کەمێك پلەو پایەی باشتر و بەرزتر بەدەست بێنن. ئەوە بوو هێزێکی گە وڕە بە سەرۆکایەتیی خودی ابڕاهیم فەیسەڵ ئەنساری، کە قائید فرقەی ئەو کاتەی سوپای عێراق بوو، کە پێك هاتبوو لە چەندین دەبابە ومودەڕڕەعە و بە پشتیوانی چە ندین فڕۆکەی هەلی کۆبتەرو فڕۆکەی جۆراو جۆر هەڵیان کوتایە سەرئەو 12 پێشمەرگەیە. بەڵێ ئەو 12 قارەمانەی کە گەورەترین چەکیان تفەنگی برنەو بوو لەگەڵ تفەنگی ئینگلیزی. ئەوە بوو دوای شەڕێکی قارەمانانە کە شەو و ڕۆژێکی خایاند و دوای ئەوەی کە پێشمەرگەکان فیشەك و نان و ئاویان لێ بڕا، بە داخێکی گەورەوە دەستگیرکران و ڕەوانەی بەندیخانەی ژمارە 1 ی کەرکوك کران. جا لێرە بوو کە عەریف عەلی نازناوی ڕەقەم یە کی وەرگرت. لەو کاتەدا ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو شاری کەرکوك دا زۆر بەهێز بوو توانیان کە بە زووترین کات پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بکەن، ئەویش بە هۆی تاهیر ناوێکەوە کە بە تاهیرە کوێر ناسرابوو. ئەو تاهیرە چێشتی بۆ بەندکراوەکان لێدەنا لە بەندیخانەکە. پاش چاودێری کردنی پێشمەرگەکان لە لایەن تاهیرەوە وادەرکەوت کەوا پارەی جگەرە و خواردنیان نیە و دەستەڵاتدارانی ڕژێمیش یارمە تیان نادەن. بۆیە لێژنەی ناوچەی کەرکوکی پارتی بڕیاری دا کەوا بڕە پارەیەک کە بریتی بو لە (200) دینار و نامەیەك بە تاهیر دا بنێرن بۆپێشمەرگەکان. جا لێرە دا کارەسات ڕوو دەدات!!!

دریژەی هەیە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.